ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
92
10 ی ئەیلول / سێپتێمبەری 2024



## لەخەونی سەربەخۆییەوە بۆ خەونی مووچە!

موحسین کەریم

نزیکەی ٦ دەیەیە کە بزوتنەوەی کوردایەتی خۆی کردوە بە دەمڕاستی خەڵکی کوردستان و گوایە دژ بە ڕژێمە سەرکوتگەرە نەتەوەپەرستەکانی عەرەب، نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکان و ئاواتەکانی خەڵکی کورد دەکات بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و ژیانێکی شایستەی دوور لە ستەم و چەوساندنەوەو بێمافی! لەم ماوە دوورودرێژەدا، ئاشی بزوتنەوەی چەکداری کوردایەتی ئێسکی دەیانهەزار گەنجی لەململانێیدا لەگەڵ ڕژێمەکانی ناوەندا هاڕیوە. سەرباری ئەو هەزاران گەنجەی کە لەشەڕی باڵادەستی نێوان خۆیاندا، بەکوشتیان داون، یان بێسەروشوێن کراون. سەرباری ئەو کارەساتە مرۆییانەی کە بەسەر خەڵکی کوردستاندا هێناویانە، لە ئەنفال و کیمیابارانی لەلایەن ڕژێمی دڕندەی بەعسەوە، بەهۆی سیاسەتی نۆکەرپیشەییان بۆ ڕژێمی ئیسلامی ئێران و بوون بەلایەنی هاوکاری ئێران لە شەڕی عێراق- ئێراندا.

خەڵکی کوردستان، بەناهەق، بەهۆی بوونی ستەمێکی دڕندانەی نەتەوەییەوە لەسەری، لەلایەن ڕژێمە فاشیستە عەرەبییەکانی ناوەندەوە، بەناچار و

بۆ لاپەرە ٢

## بۆخۆتان باشترە پەند لەمێژوو وەربگرن!

دەشتی جەمال........دوالاپەرە

## بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە هەڵبژاردن خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان..........لاپەرە ٣



## ئەو هەڵبژاردنەی هەموو لایەنەکان دۆڕاو دەبن!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەرە ٥



## دواخستن یان لێبرینی موچەو حەقدەستی کرێکاران پێشێلکردنی یاسایە!!

وەستا مەهدی ڕەسوڵ

بۆ لاپەرە ٧



## ژنان لەنێوان یاساکانی تاڵیبان و یاسای جەعفەریدا!

نوری بەشیر

بۆ لاپەرە ٨

* کەرکوک چۆن روناکی دەبینێت!
عوسمانی حاجی مارف.....................................لاپەرە ١٠
* کۆتاییهێنان بە نەدان و دواخستنی مووچە، لە گرەوی هاتنەمەیدانی فراوان و یەکگرتوانەی کرێکاران و مووچەخۆرانی کوردستاندایە!....لاپەرە ١١
* تەنها چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش ئەو هێزەیە کە بەر بە وێرانکاری غەززە و سیاسەتی جەنگخوازی و میلیتاریزم لە ناوچەکەدا بگرێ!..............................................لاپەرە ١٢
* هەڵکوتانە سەر دەزگای چاودێر و داخستنی، هەوڵێکی تری سەرکوتگەری سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانیە! ............................. لاپەرە ١٣

## ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

# درێژەی.........لەخەونی سەربەخۆییەوە بۆ خەونی مووچە!

بەهۆی وەهم وخۆشباوەڕییەک کە بەو هێزانەی بزوتنەوەی کوردایەتی هەیبوو، بەردەوام بە ژیانی گەنجەکانی، کورەی شەڕی چەکداری ئەوانی خۆشکردوە، بەو ئومێدەی کە بانگشەی ئەو هێزانە بۆ ئازادی و بەرگری لەمافەکانی خەڵکی کوردستان بەدیبێت و لەسایەی دەسەڵاتی "خۆماڵی کوردی"دا ئاهێک بەبەریاندا بێتەوەو ژیانێکی سەرفرازو شکۆمەندو دوور لە ترس و دڵەراوکێیان هەبێت و بەئارامی بژین.

بەڵام ئەوەی رویدا رێک پێچەوانەوەی ئەو چاوەڕوانی و ئومێدە بوو کە خەڵک لەسەر هێزەکانی کوردایەتی هەڵیانچنیبوو! کاتێک لەساڵی ١٩٩١دا و لەئاکامی شەڕی یەکەمی ئەمریکا دژی عێراق، فرسەت بۆ هێزەکانی کوردایەتی لە کوردستانی عێراق فەراهەم بوو کە کۆنترۆڵی زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی عێراق بکەن و حکومەتی بەعس لەو ناوچانە دەرپەڕێنن، کەچی یەکەم کارەکانیان تاڵانکردنی کوردستان و ئاودیوکردنی هەرچی ئامێرو کەلوپەلی بەنداو و کارگاو دامەزراوەو حکومیەکان بوو بۆ ئێران! دوای ئەوەی ئەمریکا هیوایەکی پێدان کە بۆماوەیەکی زیاتر کاری پێیانەو دەتوانن فەرمانڕەوای ئەو ناوچانە بن کە دەستیان بەسەریدا گرتوە، لە ساڵی ١٩٩٢دا بانگەوازی هەڵبژاردن و دامەزراندنی یەکەم پەرلەمانی کوردستانیان کرد. ئەوەبوو دیسانەوە خۆشباوەڕی خەڵک بەو هێزانە، بەپۆل بەرەو سندوقەکانی دەنگدانی بردن و یەکێتی و پارتی، زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەستهێنا، بەڵام هەر لەیەکەم رۆژەکانی تەوابوونی دەنگدانەوە لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و داهاتی کوردستان، یەکێتی و پارتی خەریک بوو لافاوی خوێن بەرێبخەن.

دواتر هەر بە فەرمانی ئەمریکا بەشێوەی فیفتی بە فیفتی دەسەڵاتیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد. ئەوکات هەرچی داهات و کۆمەکێک دەهاتە کوردستانەوە، ئەو دوو حزبە بۆخۆیان تاڵانیاندەکرد و هانی خەڵکیشیان دەدا بڵێن: "سەری بەرز بۆ مووچە نەوی ناکەین"، وەکو کاردانەوەیەک بەرامبەر بە حکومەتی بەعس کە خەڵک ئامادە نیە لەبەرخاتری مووچەکانیان بگەڕێنەوە بۆ باوەشی رژێمی بەعس. خەڵکی کوردستان برسێتی و نەبوونیان تەحەمول دەکرد و بەرپرسانی ئەو دوو حزبەو هاوبەشەکانیان لە حکومەت و پەرلەمان و پاشماوەکانی بەرەی کوردستانیش وەکو پاشا دەژیان!

دوای ٢٠٠٣، کە دەرفەتێکی دیکە بۆ حزبەکانی کوردایەتی ڕەخسایەوە، ملیارەها دۆلار رژایە کوردستانەوە، حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردایەتی، دەستیانکردە کۆکردنەوەی ئەو تاڵانیەو بەدەیان ملیاردێر و هەزاران ملیۆنەر لەناو بەرپرسانی حزبەکان و سەرمایەدارانی نزیک لەخۆیان، وەکو قارچک هەڵتۆقین، کە کۆنترۆڵی هەموو جومگەیەکی ئابوری و خزمەتگوازری و ئیداری کوردستانیان کردووە بەمەدەست و ئەوەدەست خەریکی روتاندنەوەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستانن. بەپێچەوانەی ئەو ئومێدەی خەڵکی کوردستان کە ژیانیان باشتر بێت بە بەراورد بە سەردەمی رژێمە سەرکوتگەرە عەرەبییەکانی پێشوو، ژیانیان خراپتر و سەختتر بوو. ئەو خزمەتگوزاریانەی لەسەردەمی بەعسدا لێی سودمەندبوون، وەکو خوێندنی خۆرایی، خزمەتگوزاری تەندروستی خۆرایی، خزمەتگوزاری شارەوانی و ... تاد. هەموویان بوون بە سەرچاوەی روتاندنەوەی خەڵک و کەڵەکەی سامان بۆ بەرپرسانی حزبەکانی کوردایەتی و خاوەن کۆمپانیاو سەرمایەکانی دۆست و نزیکیان! نەک هەرئەوە، بەڵکو ئەو مووچەیەی کە سەرەتاییترین مافی مووچەخۆرانە، لەساڵی ٢٠١٤ ەوە بەبیانووی جۆرواجۆرە لێی دەبڕدرێت، پاشەکەوتی زۆرەملێ دەکرێت و یان هەر نادرێت و بەچەند مانگ مووچەیەک دەدەن! ئەمە لەکاتێکدا کە خۆیان بەردەوام بەشێوەی رەسمی و بە قاچاخ نەوتیان فرۆشتووە داهاتی گومرک و داهاتی ناوخۆیان دەستبەسەردا گرتوە، سەربارەی قازانجی خەیاڵیی پرۆژە ئابوریەکانیان!

ئێستا دۆخەکە بەجۆرێکە کە خەڵکی کوردستان لەجیاتی خەونی سەربەخۆیی و ئازادی و ماف و ژیانێکی شکۆمەند و ئارام لەسایەی دەوڵەت و دەسەڵاتی خۆماڵی کوردایەتیدا، خەون بە گەرانەوە بۆ بەغدا دەبینن بۆئەوەی مووچەکانیان وەربگرن! خەون بە گەڕانەوە بۆ ژێردەسەڵاتی رژێمێک دەبینن کە هیچ بڕوایەکەی بە مافی هاوڵاتی یەکسان بۆ هاوڵاتیانی کورد زمان نیە، دەوڵەتێک و سیستەمێکی سیاسی کە لەسەر بنەماو پێناسەی تائیفی – ئیسلامی- عەرەبی پێکهاتوە! سەرانی کوردایەتیش لە بانگەشەی "ئابوری سەربەخۆ" و "مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد" ەوە هاتونەتە سەر دەستماچکردن و پارانەوە لە دەسەڵاتی ئیسلامی- شیعی عێراق تا مووچەی فەرمانبارەکانیان بدەن!

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

مۆبایل:0044(0)7394013135

Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر October

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

# بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان!

بڕیارە ٢٠ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبچێت، بەڵام ئەوەی کە ئەم بڕیارەی کردۆتە مایەی ئومێدهەڵچنینی حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی بۆ بەشداریکردنیان لەم هەڵبژاردنەدا، ئەوەیە کە گوایە زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمان لەدەست پارتی و یەکیەتی دەردێنن! لەکاتێکدا بەدوای ڕازیبوون و گەڕانەوەی پارتی و دەستهەڵگرتنی لەبایکۆتەکەی، بەپاساوی ئەوەی کە "ئەم هەڵبژاردنە پێشوەختە دزاینکراوە"، ئیتر ئەم هەڵبژاردنە ئەو چاوەڕوانیەی کە لێیدەکرا، بەقازانجی پارتی و یەکیەتی پێچەوانەکردەوە. سەردانەکانی نێچیرڤان بەرزانی بۆ بەغداو ڕێکەوتن لەگەڵ لایەنە شیعیەکان و هاوکات سەردانی بۆ ئێران و وەرگرتنی گەرەنتی لەکۆماری ئیسلامی ئێران، بەوجۆرەی مەرجەکانی پارتی دابینبکرێ و فرسەتی پێبدرێت تا زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمان زامن بکات، پێگەی ئەم هەڵبژاردنەی لەهەڵبژاردنێکەوە کە سەربەخۆ لەحزبە دەسەڵاتدارەکان و بەدور لەدەستوەردانیان، گۆڕی بۆ هەڵبژاردنێک کە پێشوەختە بەپێی ویست و مەرجەکانی پارتی و یەکیەتی دیزاینکرابێت.

کاتێک کە لەسەرەتادا باسی ئەم خولەی هەڵبژاردنی پەرلەمان کرا، بەپێی پروپاگەندەکان بڕیاربوو ئەم هەڵبژاردنە لەلایەن کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق و بەبێ نوێنەری ئەم دوو حزبە بەڕێوەبچێت، بڕیاربوو کەمپی ئاوارەکانی سنوری دەسەڵاتەکانی یەکێتی و پارتی گەڕابنەوە شوێنی خۆیان، بڕیاربوو کورسی " کەمینەکان"، واتە ئەو حزبانەی لەبندەستی یەکێتی و پارتیدابوون هەڵوەشێتەوە، بڕیاربوو لیستی ناوی بەشداربوان پاکبکرێتەوە وڕێگا بە تەزویر و ساختە نەدرێت، یان لانی کەم سنورداربکرێت.. بەڵام گەڕانەوەی پارتی بۆ نێو هەڵبژاردن هەموو ئەوانەی گۆڕی. ئێستا ئیتر نەک هەر کەمپی ئاوارەکان لەشوێنی خۆیاندا ماون، نەک هەر ئۆفیسی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عیراق بەبەشداری نوێنەرانی پارتی و یەکێتی لەسلێمانی و هەولێر دانراون، تەنانەت نەک هەر لیستی ناوەکان گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، بەڵکو بەشی کورسیەکانی تورکمان ومەسیحیەکانیان بەپێی زونی زەردو سەوز دابەش و دیاریکردووە... ئەمانە ئیتر نەک هەر جێگایەک بۆ "هەڵبژاردنێکی نۆرماڵ" ناهێڵێتەوە، بگرە دەیسەلمێنێن کە ئەم هەڵبژاردنە بەپێی بەرژەوەندیەکانی یەکیەتی و پارتی پێشوەختە دیزاینکراوە و ئەوان تێدا براوەی یەکەمن.

ئێمە وەک حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەرباری ئەوەی دوودڵیەکمان لەسەر ئەوە نەبوو کە لەسایەی دەسەڵاتی ئەحزابی میلیشیاییدا هەڵبژاردن ناتوانێ هەڵبژاردنێکی نۆرماڵ بێت و گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی لەدۆخی کوردستاندا بەدیبهێنێت، بەڵام لە سەرەتاوە بڕیاری پێشوەختمان لەسەر بەشداریکردن یان نەکردن نەدا. دەرگای بەشداریکردن لە هەڵبژاردنمان بەکراوەیی هێشتبووەوە و تەنانەت ناوی حزبمان لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق تۆمار کردبوو، بۆئەوەی ئەگەر بینیمان دەرفەت هەبێت و هەڵبژاردنێکی نۆرماڵ، تەنانەت بەپێوانەی بورژوازیش لەئارادابێت، بەشداری بکەین. بەڵام بەدوای بەندوبەستەکانی پارتی و ڕێکەوتنی لەگەڵ ئێران و لایەنە شیعەکان و لێرەشەوە لەگەڵ یەکیەتی و ئەو گورانکاریەی ڕوویاندا، بڕیارماندا کە ئیتر هەڵبژاردنێک لە ئارادا نیە و بەشداری ناکەین.

**کرێکاران، زەحمەتکێشان خەڵکی بێبەشی کوردستان!**

ئەم هەڵبژاردنە، بەپێچەوانەی بانگەشەو بەڵێنی درۆی حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنی بورژوازی، کە گوایە ئەگەر خەڵک دەنگیان پێبدات، کوردستان لەنەهامەتی و قەیرانەکانی ئێستای دەربازدەکەن و کێشەی مووچەو خزمەتگوزاریەکان و ئەو گەندەڵی و ڕاووڕوتەی کە هەیە چارەسەر دەکەن، تەنانەت گەنجان دەخەنە سەرکار و سەلامەتی کۆمەڵایەتی دابیندەکەن و ئەو دەستدرێژی و پەلامارە سەربازیانەی کە دەوڵەتانی ناوچەکە ڕۆژانە بۆ سەر کوردستان بەڕێیدەخەن، ڕادەگرن و ژیانێکی ئاسودە دابیندەکەن، هەڵبژاردن هەرگیز ناتوانێ لەبەرژەوەندی زۆرینەی خەڵکی هەژارو برسی، ژنان و لاوان و ئەوانەی کە بۆ نانی ڕۆژ موحتاجن، گۆڕانکاریەک نە لەدۆخی ئێستاو نە لە سیستەمێکدا پێکبهێنێ کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە ژیانی خەڵک دەهاڕێت. ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە دەیگۆڕێ و بەدیدەهێنێ، ئەویش لەکاتێکدا کە ئەگەر بە ئارامی و بێگرفت و شەڕ وهەرای حزبەکان و قبوڵکردنی ئەنجامەکانی تێپەڕێت، هەرئەوەیە کە"شەرعیەت" بدەنەوە بەدەسەڵاتە ناوچەییەکانی پارتی و یەکێتی لەژێرناوی پەرلەمان و حکومەتی

هەرێمدا و پێگەیەک بۆ لایەنە بورژوازیەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش دابینبکات. بەواتایەکی تر مانای عەمەلی ئەم هەڵبژاردنە هەر ئەوەیە کە پارتی و یەکیەتی بۆ چوار ساڵی تر دەسەڵاتی میلیشیایی خۆیان بەپاڵپشتی ئەمریکاو دەوڵەتانی ناوچەکە بەسەرسەری خەڵکی کوردستانەوە ڕادەگرن و هەژاری و بێکاری، سەرکوت و تاوان، نەبونی مووچە و خزمەتگوزاری، جیاکاری و ستەمگەری لە ژنان و منالان درێژە پێبدەن. هەر ئەوەیە کە بەناوی پەرەدان بە کەرتی تایبەتی شانی خۆیان لەژێر سەرەتایترین مافەکانی خەڵک دەرکێشن و هەموو سەکتەرەکانی ژیان هەراج بکەن و بیدەن بە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، کە ئەمەش سەرچاوەی ڕاووڕوتی خۆیان کۆمپانیاکانیانە. بەمجۆرە خەڵکی بێبەشی کوردستان جگە لە دەردومەینەتی زیاتر و مانەوە لەچوارچیوەی هەمان ئەو ستەم و بێدەرەتانیەدا کە سی سالە درێژەی هەیە، هیچی تریان بۆ نامێنێتەوە.

لەڕاستیدا ئەم سیناریۆی هەڵبژاردنانەی یەکێتی و پارتی بەرپای دەکەن، هەر لە بنەڕەتەوە هیچ پەیوەندیەکی بە خەڵک و مافی خەڵک و بەرژەوەندی خەڵکەوە نیە، بەڵکو پەلەقاژەیەکە بۆ سوککردنی قەیرانەکانی خۆیان و درێژەدانە بەو پشتیوانی و کۆمەکانەی کە لەلایەن ئەمریکا و دەوڵەتانی خاوەن بەرژەوەندیەوە بۆیان بڕاوەتەوە. بۆیە بەشداری خەڵک لەم هەڵبژاردنەدا کۆمەکی حزبەکانی دەسەڵات دەکات بۆ شەرعیەتدان بە دەسەڵاتی لەپێشەوە داسەپاویان. کەوایە بەشداری لە هەڵبژاردنێکدا مەکەن کە پەنجەمۆری ئێوە دەکاتە پشتیوانی شەرعیەتدان بەم دەسەڵاتە میلیشیاییە. بەشداری لە هەلبژاردنێکدا مەکەن کە دەسەڵاتی دوو حزبی بنەماڵەیی بەسەرسەرتانەوە دەهێڵیتەوە. تەنانەت بە پروپاگەندەی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی فریومەخۆن، دەسەڵاتی میلیشیایی یەکێتی و پارتی بە هەڵبژاردن کۆتایی نایەت، بەڵکو تۆکمەتر دەبێت. ئێمە و جەماوەری ناڕازی کوردستان کە ساڵانێکە لەپێناو ئازادی و خۆشگوزەرانی و مافە سەرەتاییەکانماندا پێماننناوەتە مەیدانەوە و خەبات دەکەین، دەبێ هەر ئەم ڕێگایە درێژە پێبدەین و قوڵتری بکەینەوە. ئێمە هەڵبژاردنێکی ترمان لەپێشە، ئەویش ڕاوەستانەوەیە بەرامبەر بە سەرتاپای سیستەمی دەسەلاتدارێتیی ئێستا. ڕێگای ئێمە دەنگدان نیە بەحزب و لیستەکان و کاندیدەکانی بەشدار لەم هەڵبژاردنەدا کە ئەوپەڕەکەی دەموچاوەکان دەگۆڕێت، بەڵکو ڕێگای ئێمە هێنانەمەیدانی نارەزایەتیەکانمانە بۆ باشکردنی بژێویمان.

بۆرژوازی کوردو حزبەکانی ئیمتحانی خۆیان داوە، ئیتر نۆرەی بزوتنەوەی یەکپارچەو سەربەخۆی چینایەتی خۆمانە لەدژی دەسەڵات و هەموو ئەو لایەنانەی کە بەجۆرێک بەرژەوەندییان لەمانەوە و درێژەپێدانی دۆخی ئێستادایە. کەوایە نەک هەرنابێت لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری بکەین، بەڵکو دەبێ ڕۆژەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن و دەنگدان بگۆڕین بۆ ڕۆژی هێنانەمەیدانی خواست و نارەزایەتیەکانمان، ڕۆژی یەخەگرتنی دەسەلاتداران و ڕێگەگرتن لە نمایشی فریودەرانەی هەڵبژاردنەکەیان. کۆمەڵگای کوردستان پێویستی بە گۆرانکاری ڕیشەیی و شۆڕشگێڕانە هەیە. ئەم گۆڕانکاریە لە گرەوی هاتنەمەیدانێکی ملیۆنیدایە لەدەوری ئاسۆ و بەدیلێکی شۆڕشگێرانە کە هەموو هەلومەرجی کارەساتبار و دەسەڵاتی میلیشیاکان ڕامالێ و دەسەڵاتێک بەرپابکات کە نوێنەرایەتی ڕاستەوخۆی ئیرادەی خەڵک بکات و ئەو خواست و ئامانجانە دەستەبەر بکات کە ساڵانێکی زۆرە خەباتی بۆ دەکرێ و قوربانی بۆ دراوە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ڕیزی پێشەوەی ئەم خەباتە ڕادەوەستێ.

٧/٩/٢٠٢٤

*** هەڵبژاردن دەست بۆ پایەی سیستەمی سیاسی و چینایەتی نابات، بەڵکو لە مەترسی شۆڕش دەیپارێزێت!**

*** بژاردەی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان، بەشداریکردن لەگاڵتەجاری هەڵبژاردنی حزبە مافیایی و دزەکاندا نییە، بەڵکو ڕاماڵین و سپاردنی تۆمەتبارانیانە بەدادگای عادلانەی جەماوەری!**

*** سیاسەتبازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی دۆستی درۆینەی ئێوەن و کاریان پاراستنی دۆخی ئێستایە لەزەبری توڕەیی و شۆڕشی ئێوە بەناوی دژایەتیکردنی ئەو دەسەڵاتەو حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە!**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی: **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk
ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com
بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

# ئەو هەڵبژاردنەی هەموو لایەنەکان دۆڕاو دەبن!

عوسمانی حاجی مارف

هەرچەندە ڕۆژی بیستی مانگی تشرینی یەکەمی داهاتوو وەک وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن دیاری کراوە بۆ هەڵبژاردن لە کوردستان، بەڵام جاریکیتر گومان هەیە لە ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە لەکاتی خۆیدا، لەبەر ڕۆشنایی دۆخی چەقبەستووی سیاسی و ئەو قەیرانە سیاسیەی حزبە دەسەڵاتدارەکان و دەسەڵاتدارانی بنەماڵە دەرگیری بون، لەبەرامبەر بارگرژی دۆخی سیاسی کوردستان و عیراق لە لایەک و هەوڵەکانی حکومەتی عیراق بۆ کەمکردنەوەو شکاندنی شکۆی حکومەتی هەرێم لەلایەکی ترەوە. لە هەمانکاتدا کێشەی دواکەوتنی موچەو دابەزینی ئاستی گوزەرانی خەڵکی کاریگەری لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدان و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان دەبێت.

لەلایەکی دیکەوە پارتی و یەکێتی خەرجیەکی زۆر لە بانگەشەی پێشوەختەی ڕاگەیاندن دەکەن، بەمەبەستی ڕاکێشانی دەنگدەران، بەبێئەوەی ڕەچاوی باروودۆخی گوزەرانی خەڵک و داواکاریەکانی خەڵکی نارازی و تورە لە دەسەڵاتەکەیان بکەن. لەهەمانکاتدا ڕۆشناییەک لەسەر ئایندەی ئەم هەڵبژاردنە بۆ ئایندەی دەسەڵاتیان زیاتر بە نەرێنی پێشبینی دەکرێت، هەروەها لەبەردەم گەمەیەکی سیاسی دژواردا لایەنەکان بەگشتی لاسەنگ وەستاون.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردن، دیمەنی سیاسی و میدیایی زیاتر گەرم دەبێت، کە زیاتر لایەنەکان بەتایبەتی پارتی و یەکێتی زیاتر جەخت لەسەر ڕیسواکردنی یەکتر دەکەن، بەگێڕانەوەی ئەو تاوانانەی لەبەرامبەر خەڵکی کوردستان و لەبەرامبەر یەکتردا پێیهەستاون، واتە بەجیا لە ڕۆڵی حکومەتی عێراق لە هێرشکردنەسەر حکومەتی هەرێم و سنورداركردنی دەسەڵاتەکانی، لەهەمانکاتدا پارتی و یەکێتی بۆ خۆشیان لە ڕاگەیاندنەکانیانەوە بەهیچ جۆرێک درێغی ناکەن لەسەر ئەوەی چۆن ئابڕوی یەکتر بکەنە ئامرزای یەکتر شکاندن. ئەمجۆرە لە بانگەشە، دۆخی جەنگ نیشان ئەدات تا ئەوەی بانگەشەی هەڵبژاردن بێت.

هاوکات پێشبینی ئەوە دەکرێت کە ئاستی تورەیی و نارەزایەتی بەجۆرێک دەنگدانەوەی هەیە، کە ڕێژەیەکی زۆر بەرزی هاوڵاتیان بایکۆتی ئەو هەڵبژاردنانە بکەن، کە لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا بێوێنە دەبێت، ئەمەش خەجاڵەتی و شەرمەزاریەکی بەرچاو بۆ لایەنەکانی بەشدار لەم هەڵبژاردنە دروست دەکات.

نزیکەی دوو مانگ بەر لە وادەی هەڵبژاردن، پێدانی مووچەی فەرمانبەران دواکەوتوە، کارەبا باش نەبوە، قەیرانی کەمی ئاو توندتر بۆتەوە، پرۆژە خزمەتگوزاریەکان وەستاون، هیچ چاکسازیەکیش لە ئارادا نیە، حکومەتی ئایندەی هەرێم جگە لە کڕنوشبردن بۆ بەغداد، ڕێگایەکی تری نەماوەو بێتوانایی و زەلیلی خۆی بەئاشکرا نیشان ئەدات، واتە شتێک نەماوە کە دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی گەر بە ساختەو درۆش بێت، پەیمانێک بە هاوڵاتیانی کوردستان بدات کە لە ئاستی جێبەجێکردنی حکومەتەکەیدا بێت. ئەمانە ئاماژەن بۆئەوەی ئەو هەڵبژاردنەی کە چوار جار دواخراوەو ئەنجام نەدراوە، دیسانەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە لەو کاتەدا کە دیارکراوە، ئەنجام نەدرێ! بەپێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی پێشووەوە هیچ ئاماژەیەک نییە کە هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیدا ئەتوانرێت ئەنجام بدرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کە هێزی میلیشیان و ناتوانرێت بە هەڵبژاردن ئاڵوگۆر بەدەسەڵاتەکەیان بکرێت، بۆ تێپەراندنی ئەو دۆخەی ئێستا دەرگیری بون، بە ئەگەری ڕازاندنەوەی سیناریۆی تر و ڕێکەوتن لە نێوان خۆیاندا ئەم هەڵبژاردنەش ئەنجام ئەدەن بە سەلامەتی لێی دەردەچن.

ئەوەی شایانی باسە هیچ بەربەستێکی ئەمنی نییە کە ڕێگری لە هەڵبژاردنەکان بکات، بەڵکو بابەتەکە تەنها پەیوەستە بەڕادەی حەماسەتی بارزانی و تاڵەبانیەوە، وەک دوو لایەنی سەرەکی کە ئایا دەیانەوێت ئەم هەلبژاردنە ئەنجام بدەن یان نا؟ بەتایبەتی کە دۆخەکە بۆ هەردوو لایان زۆر هەستیارە و بۆیان ڕوشن یە کە چۆن لەم گێژاوە بەسەلامەتی بێنە دەرەوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە لەگەڵ ئەو دۆخە دژوارو ناڵەبارە و ئەو قەیرانە سیاسیەی کە هەردوو بنەماڵە لە زۆنی زەردو زۆنی سەوزدا تێیکەوتون، ئەمجارە لە شێوازی پروپاگەندەیاندا هەر لایەنێکیان لە پارتی و یەکێتی وەها ڕادەگەیەنن کە سەرکەوتنی ئەمجارە بەوشێوەیە دەبرێتەوە کە پێکهێنانی حکومەت یەکلایەنە بۆ لایەنێکیان دەبێت، واتە دوای سێ ساڵ زیاتر لەدەسەڵاتی میلیشیاییان لە دوو زۆنی جیاوازدا، بەدوای ئەم هەڵبژاردنە کۆتایی بەجۆری حکومەتەکانی پێشوو، لەنمونەی حکومەتی بنکە فراوان و حکومەتی تەوافقی و بەشبەشێنە... دێت! ئەم حکومەتەی دوای ئەم هەڵبژاردنە بە قەولی هەر لایەنێکیان یا بۆ بنەماڵەی بارزانی دەبێت یان بۆ بنەماڵەی تاڵەبانی دەبێت، ئەمەش ئەو دروشمە ناواقعیەیە کە نەک دوای ئەم هەڵبژاردنە، بەڵکو دۆخی سیاسی ناوچەکەو عێراق و کوردستان

هیچکاتێک لەم دەوران و هەلومەرجەدا ئەو هەلە بۆ هیچ لایەنێکیان نارەخسێنێ کە بتوانن خەونی حکومەتی یەکلایەنە دامەزرێنن، بەڵکو هەمان دەسەڵاتی میلیشیایی لە دەورانێکی لاوازتر و ملکەچی بۆ حکومەتی عێراق درێژە بەدەسەڵاتیان لە هەردوو زۆنەکەدا ئەدەنەوە. ئەمەش بەشێکە لە دۆڕاندنی هەردوولایان لەم هەڵبژاردنەدا!.

هەڵبەتە کاتێک دەبینین حکومەت بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن بنەماڵەی بارزانییەوە کۆنترۆڵکراوەو دەکرێت، لەو بارەیەوە بنەیەکی بەهێزیان داکوتیوە، بەڵام لەم دۆخەدا ئەو هێرشانەی لەزۆر لایەنەوە دەکرێتە سەریان جۆرێک لە ملکەچی بەسەریاندا سەپێنراوە، بنەماڵەی تاڵەبانی بە هەموو شێوەیەک و پلانێک بێت، بەهەر بەهایەکی نامۆراڵیش بێت لە هەوڵی ئەوەدان ئەو هاوکێشەیە بگۆڕن.

ئەم هەوڵەی یەکێتی لەپەیوەند بەو پێشهاتانەی لە ڕێڕەوی ئاڵوگۆڕی دۆخی ناوچەکەدایە، نەفی ئەوە ناکاتەوە کە دۆخەکە ئیمتیازاتێکی زیاتر لەجاران بکاتە دەستکەوتێک بۆ تاڵەبانی، بەڵام کێشە حزبی و ناوخۆییەکانی هێزەکەیان ئەو هەلە کەمتر دەکاتەوە. بەمانایەک لە هەرحاڵەتێکدا یەکێتی هەر دەستکەوتێکی هەبێت، ناتوانێت بەو شێوازەی وەها بانگەشە دەکات، وەک براوەی پێکهێنانی حکومەت براوەی یەکەم بێت، ئەمەش دۆڕانی یەکێتیە لەم هەڵبژاردنەدا.

بەهەمانشێوە بنەماڵەی بارزانی لەگەڵ گێچەڵی حکومەتی عێراق و پلانەکانی یەکێتی بەجۆرێک دەرگیرە کە ناتوانێ گەرەنتی ئەوە نیشان بدات گەر هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدرێت، بەرەورووی چ دەردیسەرییەک دەبێتەوە، بەم مانایە پارتیش دۆڕاو دەبێت.

ئەو لایەنانەش کە بەشدارن لەم دەسەڵاتەدا یان دەیانەوێت بەشداربن، لەم هەلومەرجەی بوونی بارگرژی لە هەڵبژاردنەکاندا، خەونی ئومێدێکیان لا گەڵاڵەبووە، وەها چاوەڕوان دەکەن ئەم هەڵبژاردنە شکستی گەورەی دەسەڵاتی هەردوو بنەماڵەو حزبەکانیان بێت. لەم بۆشاییەدا ئەگەری دەستکەوتێکی زیاتری کورسی پەرلەمان بەدەست بهێنن، بەشێوەیەکی سەیروسەمەرەتر "نەوەی نوێ" بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەم هەڵبژاردنە مایەی گەورەترین سەرکەوتنە بۆیان و دەبنە هێزی یەکەم و دەسەڵات دەگرن!

لەمبارەیەوە پێموانیە ئەم بانگەشەیەی نەوەی نوێ لەو ئاراستەیەوە بێت کە خۆشخەیاڵن بەو دۆخەو مانای باڵادەستی هێزی میلیشیا حاڵی نەبون، بەڵکو جۆرێکە لە فێڵی بانگەشەی هەڵبژاردن، چونکە ئاشکرایە کە ناتوانن هیچ ئومێدێکی عەمەلی و واقعی ببەخشن بە دانیشتوانی کوردستان تا نیشانی بدەن کە ئەتوانن داخوازی و پێداویستیەکانیان دابین بکەن، لەهەمانکاتدا ئەو هێزە نین کە هاوسەنگی هاوکێشەکان لەنێوان هەرێم و بەغدادو دەوڵەتانی ناوچەکەو جیهان ڕێکخەن و ڕاگرن، جگە لە بەنزین فرۆشتن بەهەرزان و ئاودابەشکردن بەسەر ماڵاندا، کارێکی تریان پێناکرێت، ئەهلی حکومەت بەڕێوەبردن نین! بەڵام ئەم دۆخە دژوارە و ئەو قەیرانە سیاسیانەی هەردوو بنەماڵە دەرگیری بون، بۆشاییەکی بۆ نەوەی نوێ و هەندێ لایەنی تر دروست کردووە، گەر هەڵبژاردن ئەنجامدرا، بەڵکو بەم ڕێگەیە دەستکەوتێکی زیاتر لە کورسی پەرلەمانیان پێ ببەخشرێ. ئەوەی شایانی باسە هیچ یەک لەو لایەنانەی دەیانەوێت بەشداری لەم پەرلەمانەدا بکەن، هیچکات لایەنی یەکلاییکەرەوە نەبون و نابن کە پەکی ئەنجامدانی پەرلەمان بخەن.

کاتێک پارتی ڕایگەیاند بایکۆتی هەڵبژاردن دەکات گەورەترین قەیرانی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن پێکهێنا، هەڵبەتە بەهەمانشێوە یەکێتیش لەمبارەیەوە ئەتوانێ قەیرانێکی لەو چەشنە دروست بکات، بەڵام لەناو ئەم هاوکێشەیەدا تەواوی لایەنەکانی ترو بەتایبەتی ئەوەی کە بیەوێ بایکۆتی هەڵبژاردن بکات، بە تایبەتی لایەنێکی وەک "نەوەی نوێ" هیچ لە هاوکێشەکە ناگۆڕێت و ناتوانێ هیچ قەیرانێک دروست کات، واتە ئەوەی لەباری نفوزی کۆمەڵایەتی و لەنێو گەمەی سیاسی لەم هەڵبژاردنەدا، کە هیچ کێشوقەبارەیەکی نیە، بەکارهێنانی هەنگاوی بایکۆت لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بەدەستی بەتاڵ دێتە دەرەوە.

هەڵبەتە بەبێ هیچ لێکدانەوەیەک، ئەوەی زۆر سادەیە پێگەی لاوازی گۆڕانە کە ناتوانێ خاوەنی هیچ جۆرە گەمەیەکی سیاسی بێت و هیچ ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبێت، ئایندەیەکی زۆر نەرێنی هەیە.

بەهەمانشێوە لایەنە ئیسلامیەکان، نەک نەیانتوانیوە قەیران و شکستەکانیان لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو ڕاستکەنەوە، بەڵکو زیاتر چونەتە دواوەو پاشەکشەیان کردوە، چونکە نەیانزانی و نەیانتوانی لەناو شەپۆلی دەریای ناسیۆنالستیدا مەلە بکەن، بۆیە ئەمجارەش لەبەردەم پاشەکشەیەکی تردا بەرەو ڕوو دەبنەوە. هەڵبەتە ئاشکرایە لەم نێوەدا لایەنێکی وەک بەرەی گەلیش کە لاهور ڕابەرایەتی دەکات، هیچ جۆرە شانسێک یاوەری نابێت.

ئەم هەڵبژاردنە و تەواوی هەڵبژاردنەکانی پێشوی کوردستان، بەشێکە لەو گەمە سیاسیانەی بنەماڵەی بارزانی و بنەماڵەی تاڵەبانی وەک مانۆڕ گەمەیەکی سیاسی بۆ گۆڕانی ئاستی هاوسەنگیان لەبەرامبەر یەکتردا کاریان لەسەرکردوە، تا لە هاوکێشەی سیاسیدا نفوزی خۆیان لەبەرامبەر یەکتردا تاقی کەنەوە، تا ئەم ئەزمونە و ئەم گەمە سیاسیە بەمشێوەیە لە هەرێمدا بەڕێوە بچێت و دەسەڵاتی میلیشیایی زۆنی زەردو زۆنی سەوز چارەنوسی هەرێم دیارییکات، هەڵبژاردن هەر کارتۆنی دەمێنێتەوەو پەرلەمان ئەو جێگایە دەبێت کە کورسیەکانی تەنها شوێنی موچەخۆرانی پلە بەرز دەبێت!

★

# دواخستن یان لێبرینی موچەو حەقدەستی کرێکاران پێشێلکردنی یاسایە!!

وەستا مەهدی ڕەسوڵ

لەهەرێمی کوردستان سەدان هەزار مووچەخۆر هەیە کە بەشی هەرەزۆری مووچەو حەقدەستەکەی لەلایەن حوکمەتەوە دەدرێ، بەشێوەی یاسایی و بەپشتبەستن بە یاسا بەرکارەکان کە لەهەرێمی کوردستان کاریان پێدەکرێ، ڕێکخراون .

لەهیچ یاسایەکدا ڕێگەبەوە نەدراوە کە مووچەو حەقدەستی کرێکار و کارمەند و مووچەخۆر دوابخرێ وەیا لێیببردرێت، تەنها بۆ دەستەبەری کۆمەڵاتی نەبێت یان بۆ قەرزێک کە لەدادگا بریاری لێدرابێت، ئەویش ڕێژەی لێبرینەکەی بەجۆرێکە کە تەئسیرنەکاتە سەر ژیانی کرێکارو خێزانەکەی. لە یاساکاندا لەکۆتایی هەر بەشێکدا بەشێوەی دەقێکی روون ئەوە هاتووە کە هەرکەسێک سەرپێچی برگە و مادەکانی یاساکە بکات، سزا دەیگرێتەوە و جۆری سزاکەش دیاریکراوە .

چەندینساڵە مووچەخۆرانی کەرتی حکومی؛ واتە ئەوانەی کە حوکمەت بەرپرسە لەدانی موچەکانیان، کێشەی دواکەوتن و لێبرینی مووچەیان هەیەو ساڵ نییە چەند موچەیەکیان دوانەخرێت. ساڵ نییە هەموو مانگێک موچەکانیان لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا پێبدرێت! جاری واهەیە ٦٠بۆ٩٠رۆژ مووچە نادرێ. مووچەخۆران ژیانیان دەکەوێتە حاڵەتێکەوە کە بەقەرزیش ناتوانن لانی کەمی ژیانیان دابینبکەن. زۆربەیان هەوڵئەدەن کارێکی دووەم پەیدابکەن تا پارێزگاری لەژیانیان بکەن .

چەندینجار لەرێگای مانگرتن و خۆپیشاندانەوە توانراوە حوکمەت ناچاربکرێ کە مووچەیان پێبدا و هەرچۆنێک بوبێت موچەیەک لەژێر فشارادا وەرگیراوە! ئەم حاڵەتە بۆتە دیاردەیەکی رۆژانە و موچەخۆری والێکردووە کە هیچ متمانەیەکی بە حوکمەت نەمێنێ. مووچەخۆر دەبینێ کە لە بەشێک لەم وڵاتەدا موچەخۆران کێشەی دواخستن و لێبرینی مووچەیان نییە، بۆیە هێندەی تر بێئومێدی دەیانگرێ و دەگەرێن بەدوای چارەسەردا. ئاخرین شت ئەوەبوو مامۆستایانی نارازی و بەشێک لە مووچەخۆری سەر بەحوکمەت هەوڵیاندا بچنە بەغداو لەوێ سکاڵا لە حوکمەتی هەرێم بکەن. سەرئەنجام لەچوارچێوەی ململانێیەکدا کە لەنێوان دەسەڵاتدارانی هەرێم و بەغدا هەیە، دادگای فیدراڵی بە قازانجی مووچەخۆرانی هەرێم بڕیاری دا و حکومەتی ناوەندی بەرپرسیارکرد لە دانی مووچەی کرێکاران و کارمەندانی حکومەتی هەرێم. ئەم بڕیارە ئاهێکی هێنایەوە بە گیانی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێم، بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند و دیسانەوە مەسەلەی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم خرایەوە ناو کێشمەکێشی سیاسی هەردوو حکومەتی هەرێم و بەغداوە و وەکو کارتێکی فشار دوبارە بەدەستەوە گیرایەوە!

لەو ماوەیەدا بەردەوام وەفدی حکومەتی هەرێم بەڕێوەبوون بۆ بەغدا بۆ وتووێژ و ڕێکەوتن و یەکلاکردنەوەی پرسی مووچەو بەغدایان بە نەدان و دواخستنی مووچە تاوانبار کردووە. بەڵام حکومەتی ناوەندیش بە بیانووی ئەوەی لیستی ڕاستەقینەی ناوی مووچەخۆرانی ڕادەست نەکراوەو ناوی دوبارە و بندیوار لەناو لیستی موچەخۆراندا هەیەو تاد… یاخود داهاتەکان ڕادەستی بەغدا نەکراوە، کێشەی بۆ ناردنی مووچە دروستکردوە. ئەو دۆخە دوبارە شەپۆلی ناڕەزایەتیەکانی مووچەخۆرانی کوردستان دژ بە حکومەتی هەرێم و ناوەندیش بەرێخستەوەو فشارەکان رووی لە هەردوو حکومەت کرد. سەرەنجام لەژێر ئەم فشارانەدا، کە هاوکات خواستی هاوتاکردنی مووچەی خانەنشینان و دامەزراندن و پلەبەزرکردنەوەی فەرمانبەران بۆ ئاستی داواکاریەکان زیادکرا، کە چەند ساڵە وەکو خواستی مووچەخۆران وخانەنشینانی کوردستان دەدرێتەو ەبرووی حکومەتی هەرێمدا، ئەوەبوو بەرادەیەک حکومەتی ناوەند ناچاربوو ملکەچی هەندێ لە خوستەکان بکات. ئەوەبوو هاوتاکردنی مووچەی خانەنشینانی کوردستان و عێراق چووە بواری جێبەجێکردنەوە.

هەموو ئەم روداوانەی کە بەسەر مووچەخۆری ناوچەی ژێردەسەڵاتی حوکمەتی هەرێمدا هاتووە، بەرئەنجامی پێشێلکردنی یاساکانی بەرکارن و کابینەکانی پەرلەمان و حوکمەتی هەرێم بەرپرسن و بەپێی یاسا سزا دەیانگرێتەوە ،چونکە یاسایەک کە خۆیان دەبێ پارێزەری بن و جێبەجێی بکەن، خۆیان پێشێلیان کردووە!.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایە کێ و کەی و چۆن ئەو یاسایانە جێبەجێ دەکرێن !؟

خەڵکی هەرێمی کوردستان زیاتر لەسی ساڵە لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێم و پەرلەمان و کابینە یەک لەدوای یەکەکانی حوکمەتەوە بەناحەق مافیان پێشێلکراوە، لەگەڵ باقی خەڵکی عێراق نابەرابەر ڕاگیراون، بەڵام کابینەکانی پەرلەمانی عێراق و حوکمەتەکانی ناوەندیش پشکی شێریان پێدەبڕێ لەو زوڵمەی کە لەخەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان کراوە، چونکە چ دەسەڵاتدارانی هەرێم و چ ئەوانەی بەغدا هەردولا یەک سیستمی سیاسی پەیرەودەکەن و لەسەر بنەمای موحاسەسەو بە پشتبەستن بە یەک دەستور هەیکەلی حوکمرانیەکەیان دامەزراندووە، تەوافوق لەسەر هەمو ناعەدالاتیەک دەکەن کە لەقازانجی درێژە پێدانی دەسەڵاتەکەیان بێت و

⇦

هۆکارێکیش بێت بۆ کەڵەکەی سەمایە و روتاندنەوەی هەرچی زیاتری خەڵکی کرێکارو بەشمەینەت.

ئێوە بڕوانن کاتێک کە دەسەڵاتدارانی بەغداد بەتەواوەتی قاچیان نەچەقاندبوو چۆن گڵۆپی سەوزیان بۆ دەسەڵاتدارانی هەرێم هەڵکردبوو، وە بەچ شێوەک رەواجیان دا بە پەرلەمان وحوکمەتی هەرێم. بەڵام کاتێک پێگەیان بەهێزبوو، توانییان سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەلای خۆیانا رابکێشن، بەتایبەتی دوای کۆتاییهێنان بە داعش و دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی هەرێم باسی ئابوری سەربەخۆیان وروژان، چۆن کەوتنەخۆیان و ئێستا چۆن دەیانەوێت بەرپرسیارێتی ئیداری بخەنە سەرشانی خۆیان و دەسەڵاتدارانی هەرێم ملکەچ کەن بەهەر بریارێک کە بەقانجی خۆیان بێت! کەواتە ئەبێت ئەمە بۆگشت لایەک روون بێت کە هیچ کێشەیەک وە هیچ قەیرانێک لەهەرێمی کوردستان و لەعێراق ناگاتە کۆتایی و هێشتا خەڵکی موچەخۆری هەرێم و عێراقیش هەموو رۆژە بەجۆرێک قەیرانێک یەخەیان پێدەگرێ .

تەنها شتێک کە دەتوانێ کێشە ئابوری و سیاسی وکۆمەڵاتیەکانی مووچەخۆران و سەرجەم خەڵکی زەحمەتکێش و مافخوراوی هەرێم و عێراق کۆتایی پێبهێنێت، لەگرەوی ئامادەیی جەماوەری نارازی و ئازادیخوازی عێراق وکوردستاندایە. هێزێکی جەماوەری رێکخراوی سیاسی و خاوەن بەرنامەکی رۆشن و ستراتیتجیک کە ببێتە مایەی ئیستقراری سیاسی و هێنانی خۆشگوزەرانی و لێکهەڵپێکانی کۆمەڵگا لەدەوری خواستەکانیان، دەتوانێ و ئیمکانی هەیە کۆمەڵگا لەم زەلکاوەی سیستەمی فیدراڵی تایفی و ئاینی بۆرژوازی دەربکێشێت و ئایندەیەکی ئازاد و خۆشگوزەران و یەکسان بخاتەبەردەم هەموو هاوڵاتیانی عێراق و کوردستان

٥/٩/٢٠٢٤

# ژنان لەنێوان یاساکانی تاڵیبان و یاسای جەعفەریدا!

## نوری بەشیر

ژنانی ئەفغانستان رەشترین دەورانی خۆیان لەژێرسایەی هێزە ئیسلامیە میلیشیاکانی تاڵیباندا بەسەردەبەن. سێ ساڵ لەمەوبەر، لەکۆتایی ئابی ٢٠٢١ کە ئەمریکا دەستی تاڵیبانی گرت و وەک هێزێکی تیرۆریست هێنایەوەو کۆمەڵگای ئەفغانستانی رادەستکردن، یەکەمین هێرشەکانی خۆی بۆسەر ژنان و مەدەنیەتی کۆمەڵگا دەستپێکردەوە.

لە رۆژەکانی یەکەمەوە بەجیالەوەی کەوتنە شکاندنی هەرچی جۆری ئالەتەکانی مۆسیقا و داخستنی شوێنەکانی حەوانەوەو خۆشی خەڵک لە؛ کافتریا، چایخانە، بار، سینەما، سالۆنەکان و قەدەغەکردنی ئاهەنگگێران و قەدەغەی تەلەفزیۆن، هاوکات هێرشی هەمەلایەنەی کۆنەپەرستانەیان بۆسەر ژنان دەستپێکرد لەوانە؛ رێگری لە کچان بۆ چونە قۆناغی ناوەندی، قەدەغەکردنی زانکۆکان بۆ ژنان، قەدەغەکردنی چوونەدەرەوەی ژنان بەتەنها، قەدەغەی کارکردنی ژنان لە زۆرێک لە دائیرەکاندا بەتایبەت ئەو کۆمپانیاو شوێنانەی کە بیانی تێدایە، قەدەغەی هاتوچۆی ژنان و پیاوان لە پاسدا پێکەوە، تا ئاخرین ئاستەکانی گەشتۆتە یاسا تاسەر ئێسقان دواکەتووی لەچەشنی؛ فەرمان بە چاکە و قەدەغەکردنی خراپەیە! بۆ ئەمە وەزارەتێکی تایبەتی لە ساڵی ٢٠٢١ دا دامەزراند و هەروەها پۆلیسی ئەخلاقیشی بۆ دروستکرد بۆ جێبەجێکردنی بەسەر ئەو کەسانەی کە سەرپێچی دەکەن. بەپێی ئەم یاسایە نیشاندانی روخسارو دەنگی ژنان قەدەغە دەکات، بەوەی روخسارو دەنگی ژنان عەورەتە، هەموو جۆرە وێنەگرتنێکی مرۆڤ و حەیوانات و هەتا سروشتیش قەدەغەیە، لەبەرئەوەی حەرامەو فەساد دروستدەکات و دژی یاساکانی ئیسلامە.

ئەم یاسایە لەلایەن هەیبەتوڵلا ئاخوندزادە، سەرۆکی باڵای تاڵیبانەوە لەمانگی ئابی ٢٠٢٤ دا پەسەندکراوە، کە پاش سێ ساڵ بەسەر دەسەڵاتی تاڵیباندا تێدەپەرێت و مەلاکانی تاڵیبان ئیشارە بەوە دەدەن کە ئەم یاسایانە لەسەر بنەمای ئیسلام و بۆ جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام دانراوە و لەسەر ئەساسی بریارێک بووە کە لە ساڵی ٢٠٢٢ دا لە سەرۆکایەتی تاڵیبانەوە بریاری لەسەر دراوە.

ئەم یاسا تا سەرئێسقان کۆنەپەرستانەو دژی ژنان و دژی ئینسانیە سی و پێنج بەند لەخۆی دەگرێت، کە هەمووی دژی مەدەنیەت و دژی ژنە لە کۆمەڵگادا، نەک هەموو مەحدودیەتێک بۆ ژنان دادەنێت وەک ئینسان سەیر ناکرێت، وەنابێ لەماڵەکەی خۆیەوە دەنگی بێتە دەرەوە، بەڵکو یاسا گەلێکی تێدایە بۆ پیاوانیش کە چۆن بەپێی شەریعەتی ئیسلام سەرو ریشیان چاک دەکەن و جلوبەرگ دەپۆشن و فەرزکردنی نوێژو دیاریکردن بۆیان. ئەم هەنگاوانەی تاڵیبان کە هەموو بەشێکی لەشی ژنان لە سەریەوە تاکو بنی پێی و پیاوان لە ناوکیانەوە بۆ ئەژنۆیان بە عەورەت دەزانێت، بەهیچ شێوەیەک دەرکەوتنی رێگەپێدراو نیەو سزا دەدرێن لەسەری.

ئەم یاسایانە تائێستا دوو ملیۆن و نیو کچی لە خوێندن بێبەشکردوە و ملیۆنێک و چوارسەد هەزار لە کچانی لە خوێندنی ناوەندی بێبەشکردوە، هەروەها ساڵانە نسبەتی خوێندنی کچان و کورانی

سەرەتایی ڕوو لە خوارەوەیە. ئەم یاسا ئیسلامیانەی تاڵیبان دەستووردەداتە هەموو کاروبارێکی تایبەتی ئینسانەکان نەک لە دەرەوەدا بەڵکو لەماڵەکانی خۆیشیاندا.

هەموو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەنەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ و ڕێکخراوی مافی منداڵان ( یونسکۆ) و چاودێری مافی مرۆڤی نیگەران کردووە، بەهەلومەرجێکی دژی ئینسانی دادەنێن کە تاڵیبان دەستی بۆ بردووە، هەمان ئەوەیە کە داعش لە ماوەی دەسەڵاتەکەیدا لە سوریا و موسڵ ئەنجامیدا.

لەعێراقیش، ڕەوتە ئیسلامیە شیعەکانی سەر بەئێران کە کۆنترۆڵی دەسەڵاتی سیاسی و پەرلەمانی عێراقیان بەدەستەوەیە، لەسەر هەمان ڕێچکەی تاڵیبان و بە ڤێرژنێکی دیکەی ئیسلامەوە خەریکن کۆمەڵگای مۆدێرنی عێراق بۆ سەدانساڵ بەرنەدواوە. ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە یاساکانی باری کەسێتی کە ئەو لایەنانە دەیانەوێ لە پەرلەماندا پەسەندی بکەن، بە ڕێکەوتن لەگەڵ ڕەوتە ئیسلامیەکانی سونە بەرامبەر و بێدەنگەکردنی دەسەڵاتدارانی هەرێم، ئەو ئامانجەی هەیە و لەڕێگای قوربانیکردنی منداڵانی کچەوە دەیانەوێ دەسەڵاتی ئیسلام و یاساو ریساو شەریعەتە داڕزیوەکەی بەسەر کۆمەڵگای عێرقادا بسەپێنن و عێراقیش بە ڕەسمی بخەنە پاڵ ڕژێمی ئیسلامی ئێران و تاڵیبان و هەموو سیمایەکی ئینسانی و پێشکەوتن و مەدەنیەت لە عێراقدا پایەماڵ بکەن!

هەموو ئەو یاسا دواکەوتوانە کەبەسەر کۆمەڵگاو بەتایبەت بەسەر ژناندا دەسەپێنرێت، بەرهەمی سیاسەتی ئەمریکایە لە ئەفغانستان و عێراق کە ئیسلامیەکان دەستی بۆ دەبەن، ئەمە دیموکراسیەتەکەی ئەمریکایە کە پاش بیست ساڵ لە دەرکردنی تاڵیبان و کوشتاری دەیان هەزار هاوڵاتی مەدەنی و کاولکردنی ئەو وڵاتە بەناوی شەڕی دژی تیرۆرەوە، دوبارە هەمان تیرۆریستان دەخاتەوە سەر کورسی دەسەڵاتی ئەفغانستان و رادەستکردنی ژیان و چارەنوسی خەڵکی ئەفغانستان و ژنان و کچانی ئەو وڵاتە بەدەستی ئەو گرووپە وەحشیەی لە مێژوو بەجێماون! هەروەکو چۆن ئەو دەسەڵاتە میلیشیاییەی کە ئێستا کۆمەڵگای عێراق بەرەو کۆنەپەرستی و قەمەکێشی و دەستدرێژی سێکسی بۆسەر منداڵان رادەکێشنەوە، بەرهەمی شەڕی ئەمریکا بوو لە عێراق و کاولکردنی ژێربینای وڵاتەکەو کوشتنی سەدان هەزار هاوڵاتی مەدەنی و سەربازی برسی و لەحاڵەتی پاشەکشەدا بوو، بەرهەمی کوشتنی سەدان منداڵی عێراق بوو بەهۆی گەمارۆی ئابوری ئەمریکاو ڕۆژاواوە بەناوی دژایەتی دیکتاتۆریەت و چەکی کۆکوژ و .. تاد.

ئیسلامیەکان لەهەرشوێنێکی جیهاندا دەسەلاتیان بکەوێتە دەست یان دەسەڵاتداربن وەک لە؛ سعودیە بۆماوەی چەند سەدە، جمهوری ئیسلامی ئێران، ئێستای دەسەڵاتی ئیسلامی شیعی لەعێراق، داعش، بۆکۆحەرام لە نایجریا، شەباب لە سۆماڵ، هەمان کارو کارنامەیان ئەوەیە کە تاڵیبان لە ئەفغانستاندا دەیکات.

بۆ شکستپێهێنانی سیاسەتی ئیسلامیانە و وەحشیانەی تاڵیبان دەبێ ڕێگای نارەزایەتی ناوخۆیی و جیهانی بگیرێتەبەر، پێویستی بە هاوپشتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ژنان و یەکێتیە کرێکاریەکان و حزبە سۆشیالستەکانی جیهانە. تەنها ئەم بەرەنگاربوونەوە ئینسانەدۆستی و ئازادیخوازانەیە کە دەتوانێ کۆنەپەرستانی ئیسلامی دژە ژن و دژی بەشەری تاڵیبان و ئیسلامی شیعەگەرای عێراق و ئیسلامیەکان بوەستێنێ. ئەو هێزەی جەماوەر کە دوو ساڵ لەمەوبەر توانی پاشەکشە بە سیاسەتی پۆلیسی ئەخلاقی جمهوری ئیسلامی ئێران بکات و هەروەها توانی خوێندنەوەی دووەمی یاسای باری کەسێتی عێراقی بخاتە ناو زبڵدانی پەرلەمانەوە. ئەوانە نموونەی زیندوون بۆ بەرەی ئازادیخوازی و پێشکەوتنخوازی عێراق و ئەفغانستان و ناوچەکە و جیهان کە دەتوانن بەهێزی یەکگرتووی خۆیان پاشەکشە بە وەحشیترین دەسەڵات و یاسا بکەن.

٩ی سەپتێمبەری ٢٠٢٤

- **قەدەغەکردنی هەرجۆرە ئازاردانێکی مناڵان لە خێزان و قوتابخانە و دامەزراوەکانی خوێندن و لەئاستی کۆمەڵگا بەگشتی.**
- **قەدغەکردنی بێئەملاوئەولای سزادانی جەستەیی. قەدغەکردنی گوشارو ئازاری دەروونی و ترساندنی مناڵان.**
- **ڕوبەڕوبوونەوەی توندی یاسایی لەگەڵ بەدکەڵک وەرگرتنی جنسیی لە مناڵان. بەدکەڵک وەرگرتنی جنسیی لەمناڵان بە تاوانی قورسی جینایی دەژمێردرێت.**
- **لێپرسینەوە و سزادانی یاسایی کەسانێک کە بەهەر جۆرێک و بەهەربیانوویەک ببنە ڕێگر لەبەردەم بەهرەمەندبوونی مناڵان، چ کچ چ کوڕ، لە مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان، وەکو فێربوون، سەرگەرمی و بەشداریکردن لە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانی تایبەت بە مناڵان.**

**لە بەرنامەی " دنیایەکی باشتر"بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە**

# کەرکوک چۆن روناکی دەبینێت!

## عوسمانی حاجی مارف

بارزانی سەرەرای نارەزایی حکومەتی بەغدا، ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستانی عێراق بە کەرکوکیشەوە ئەنجامدا. حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی عێراق فەرمانی بە هێزەکانی عێراق کرد، دەست بەسەر کەرکوکدا بگرن و لە ژێر کۆنترۆڵی تاڵەبانی و بارزانی دەری هێنا، هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمیش بەبێ ئەوەی بەرەنگاریەکی ئەوتۆ بکەن، کشانەوە، بەم شێوەیە حکومەتی هەرێم باجێکی زۆریدا، لە ئاکامی ئەو هەوڵە شکستخواردوەی کە بانگەوازی سەربەخۆیی راگەیاند. پارتی و یەکێتی گرنگترین سەرچاوەکانی داهاتی نەوت و رووبەرێکی زۆری خاکەکەیان لەدەستدا، هاوسەنگی هێزیان لەبەرامبەر حکومەتی عێراق و هێزە میلیشیاکانی عێراقدا گۆردراو لە ئاستێکی زۆر نزمدا هێزەکەیان نمایشیان کرد، تەواوی مێژووی کوردایەتی خۆیان شەرمەزارکرد. دواتر دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم پاش ملکەچیان بۆ بەغدا، بەرێگەی دیبلۆماسی و دانوسانەوە لە هەوڵی پاراستنی مانەوەیان بوسن لە کەرکوکدا، لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠٢١، مەسعوود بارزانی هاوپەیمانی لەگەڵ موقتەدا سەدر کرد، لە بەرامبەر کۆنترۆڵکردنەوەی کەرکوکدا. بەڵام دوای کشانەوەی ئەلسەدر لە پرۆسەی سیاسی، بارزانی ناچار بە دانوستان بوو لەگەڵ چوارچێوەی هەماهەنگیدا، پاڵپشتی خۆی بۆ محەمەد شیاع ئەلسودانی راگەیاندو پاشەکشەی لەهەوڵەکانی بۆ گەرانەوەی دەوری لە کەرکوکدا کرد. تاڵەبانی بەو دەلیلەی زوتر خۆیدا بەدەستەوەو هاوکاری چوارچێوەی هەماهەنگی و کۆماری ئیسلامی ئێرانی کرد، پێیەکی لە کەرکوکدا مایەوە.

بەگشتی تەواوی هێزە میلیشا دەسەڵاتدارەکانی عێراق و کوردستان هۆگری پارێزگای کەرکوکن و هەرلایەنێکیان خواستی خۆی هەیەو لە کێبرکێیەکی بەردەوامدان بۆ دامەزراندنی پێگەیان لە کەرکوکدا، لەگەڵ ئەوەی پارتی و یەکێتی بنکەیان لە پارێزگاکەدا هەیە، بەڵام بەدوای ٢٠١٧وە و خۆرێکخستەوەی هێزە سەربازیەکانی عێراق و داسەپاندنی حەشدی شەعبی، هاوکێشەکە بەجۆرێک گۆرانی بەسەردا هات، کە ئێستا یەکێتی و پارتی لەرێگای رکابەری لە هەڵبژاردنەوە هەوڵئەدەن پێگەیان لە کەرکوکدا دامەزرێننەوە، ئەمەش لە واقعدا دەسەڵاتی هێزی میلیشا و باڵادەستی حکومەتی عێراق بەسەر کەرکوکدا، ئەمجۆرە هەوڵانە بەزوویی پوچەڵ دەبێتەوە، یان بە شێوازێکی فۆرماڵی لە ئەنجومەنی پارێزگادا بەشداریان پێدەکەن.

هەستیاری دۆخی پارێزگای کەرکوک و ئایندەکەی زیاتر دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی هیچ پرۆژەیەکی سیاسیی رێکەوتن لە نێوان هێزەکاندا، ئەو هێزانەی کە لەسەر بنەمای دینی و تائیفی و نەتەوەیی لەشانۆی سیاسی عێراق و کوردستاند هەڵسورانی سیاسی دەکەن، تا ئەو ئاستەی کەرکوک چۆتە لیستی ناوی ناوچە کێشە لەسەرەکان و تائێستاس هەربەو ناوەوە دەناسرێتەوە. لەگەڵ ئەوەی لەم دواییانەدا بەشداریکردنی چەند لایەنێک لە پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگا و دامەزراندنی پارێزگاردا رێکەوتنێکیان ئەنجامدا، بەڵام هێشتا ناکۆکیەکانیان لەسەر چارەنوسی کەرکوک و تاڵانچێتی لە کەرکوکدا وەک خۆی ماوە، بۆیە ئەم ناکۆکیەش دەرگا بەرووی ئەگەری سەرهەڵدانی ململانێی نوێدا بەکراوەیی دەهێڵێتەوە.

بەمەبەستی شکاندنی ئەو دۆخە چەقبەستووەی لەکەرکوکدا بەدوای هەڵبژاردنی پارێزگار و دابەشکردنی پۆستەکانی پارێزگا پێشهات، سودانی رایگەیاند کە دەبێ دانیشتنێکی ئەنجومەنی پارێزگا لە ١١ی تەمموزدا بەرێوەبچێت. داواشی کرد هێزە سیاسیە پەیوەندیدارەکان هاوکار بن لە تەواوکردنی ئەو کێشانەی هەبووە لە گفتوگۆ سیاسییەکانیاندا، ئەم هەرەشەیە بووەهۆی ئەوەی بلۆکە براوەکان هاوپەیمانی خۆیان بکەن و هاوپەیمانیەکی نەتەوەیی و تائیفی پێکبهێنن. لایەنەکان بەسەر دوو میحوەردا دابەشبوون، یەکەمیان بارزانی، بەرەی تورکمانی و هێزەکانی هاوپەیمانی سەروەری بە سەرۆکایەتی خەمیس خەنجەر و راکان جەبوری لەخۆدەگرت. دووەمیان، تاڵبانی و بزووتنەوەی بابلی مەسیحی سەر بە حەشدی شەعبی و سێ ئەندامی عەرەبی سەر بە پارتی تەقەدوم، بە سەرۆکایەتی سەرۆکی پێشووی پەرلەمان، محەمەد حەلبوسی، هەروەها هێزەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە.

لە ١٠ی ئابدا هێزەکانی میحوەری دووەم توانییان ئەنجومەنی پارێزگاو پارێزگار دامەزرێنن، لەسەر بنەمای حوکمی زۆرینە. شایانی باسە لە دانیشتنی هەڵبژاردنەکەدا بە ئامادەبوونی، باڤڵ تاڵەبانی و سەرۆکی عەسائیب ئەهلی حەق، قەیس خەزعەلی، و بەرپرسی پارتی تەقەدوم، محمد ئەل-حەلبوسی بەرێوە چوو، کە دەنگیان بە ئەندامێکی یەکێتی نیشتمانی دا، رێبوار تەها بۆ وەرگرتنی پۆستی پارێزگار . رێبوار تەها لە دانیشتنێکی مشتومراویدا هەڵبژێردرا کە تێیدا نوێنەرانی پێکهاتەی تورکمان و نیوەی هێزە عەرەبییەکان ئامادەنەبوون، جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان.

حەلبوسی رۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبوو لە پێدانی پۆستی پارێزگار بە یەکێتی، دوای ئەوەی دەنگی سێ کورسی

حزبەکەی لە بەرژەوەندی ئەم کاندیدکردنە بەخشی، ئەمەش دەتوانین بڵێین لەچوارچێوەی وەڵامدانەوەی حەلبوسیە بەرامبەر نەیارەکەی، کە خەمیس خەنجەرە، کەپەیوەندی لەگەڵ بارزانیدا کردوە، بەمەش تۆمەتباری دەکەن بەوەی کە هاوسەنگی پرۆسەی سیاسی کەرکوکی تێکداوە. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە هەوڵەکانی حەلبوسی زیاتر گەڕانەوەی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان زاڵن بەسەر هەموو دانوستانەکانی ئێستایدا. بەمشێوەیە حەلبوسی مەرجی دابینکردنی پشتیوانی خۆی بۆ سەرکەوتنی ڕێبوار تەها دانا، لەبەرامبەر بەدەستهێنانی پشتیوانی هاوپەیمانە نوێیەکانی بۆ گەڕانەوەی پارتەکەی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان.

لەبەرامبەردا ئەو گروپانەی ئامادە نەبوون، سکاڵایان لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکە تۆمارکرد کە لە هۆتێل ئەلرەشیدا بەڕێوەچووە، بەهۆی شکاندنی یاسای تەوافوق و ئامادەنەبوونیان لە دانیشتنەکەدا، بەڵام دادگای فیدراڵی ئەو داوایەی ڕەتکردنەوە.

هەرچەندە وانیشان ئەدرێت ناکۆکیە سیاسیەکانی کەرکوک تەنها لە سروشتێکی ناوخۆییدا بێت، بەڵام ئەوە شاراوە نیە کە زلهێزە ئیقلیمییەکانیش دەستێوەردانیان لە پرسی کەرکوکدا کاریگەرەو پێگەو نفوزی خۆیان هەیە، ئەم کاریگەریەیان لە ئەنجومەنی پارێزگاکەدا نیشاندا. ئەو قەیرانەش کە کەرکوک دەرگیریەتی، درێژکردنەوەی کێبڕکێی ناوچەیی نێوان تورکیا و ئێرانە لەسەر ناوچەکە، هەردووکیان هەوڵدەدەن بگەنە دۆخێکی سیاسی کە خزمەت بە مەبەستەکانیان لە کەرکوکدا بکات، ئەنقەرەو تاران لە هەوڵی ئەوەدان ئەو لایەنە لە ئەنجومەنی پارێزگادا باڵادەست بێت کە سەر بەخۆیەتی.

بەگشتی بارزانی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی تورکیا هەیە، هاوکات تاڵەبانی پەیوەندیەکی نزیکی بە چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە و ئێرانەوە هەیە، لەم پرۆسەی پێکهێنانی ئەنجومەنی پاریزگای کەرکوکدا ئێران گرەوی بردەوە، بەڵام ئەمە کۆتایی یاریەکە نیە و دۆخی کەرکوک لە بەردەم چەندین سیناریۆی گەمەی سیاسیدا خۆی دەبینێتەوە..

ئەو ژمارە زۆرەی لە هێزی چەکداری جیاواز بەسەر ئەو شارەدا دابەشبووە و پارچە پارچەبوونی هێزە ئەمنیەکانە بۆ گرووپە جیاوازەکان، ئاشکرایە ئەمجۆرە لە باڵادەستی هێزەکان بە ناوی دین و تائیفەو نەتەوەوە دەتوانێ سەقامگیریی ناوچەکە تێکبدات و ڕێگری لە جێبەجێکردنی ئارامی سیاسی بگرێت، بەردەوام لە دۆخێکی دژواردا ئەو شارە وێنا دەکرێت، ئەم دۆخە پڕ جەنجاڵ و نائەمنە ڕۆشنە کە دابەشکردنی دانیشتوانی ئەو شارەیە بەزۆر بەناوی دین و تائیفەو نەتەوەوە، لەهەمانکاتدا بەهۆی بەردەوامی دەستوەردانەکانی وڵاتانی دراوسێ لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا ، دۆخەکە خراپتر دەبێت، کە هەردوو تورکیا و ئێران لەوبارەیەوە هەمیشە ڕۆڵێکی مەترسیداریان هەیە.

واتە بەمشێوەیە لەباری هەلومەرجی سیاسی ئێستای شاری کەرکوک، ئەوەمان نیشان ئەدات سیناریۆی ئەم پارێزگایە ڕووناکی بەخۆیەوە نابینێت، مەگەر حکومەتێکی ناوەندی بەهێز کە لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون سەرکردایەتی بکات و توانای جێبەجێکردنی یاساکانی پارێزگاری لە مرۆڤایەتی هەبێت، یان لەڕووی سیاسییەوە لە حکومەتەکانی بەغدا و هەولێر دابڕێت لە سیستەمێکی نیمچە سەربەخۆدا کە خەڵکی شارەکە خۆیان بەڕێوەی بەرن. حکومەتی عیراق و کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی شارەکانی عێراق و کوردستان پێویستە لە سەر بنەمای هاووڵاتی بوون دامەزرێت.

☆

## کۆتاییهێنان بە نەدان و دواخستنی مووچە، لە گرەوی هاتنەمەیدانی فراوان و یەکگرتوانەی کرێکاران و مووچەخۆرانی کوردستاندایە!

سەرەنجام پاش دواخستنی زیاتر لە٦٠ ڕۆژ، لەدانی موچە و لە چاوەڕوانیدا ڕاگرتنی موچەخۆرانی کوردستان، هەروەها پاش سەردانی چەندینجارەی وەفدی حکومەت و پارتی بۆ بەغدا و دانی لێدوانی دروێنەی بەرپرسان، ئەمرۆ ٢ی ئەیلول، وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم، خشتەی دابەشکردنی مووچەی موچەخۆرانی مانگی ٧ی ڕاگەیاند. ئەمە لەکاتێکدایە کە مووچەی مانگی ٨ و٩ کەس نازانی کەی و چۆن دەدرێ و کەی مووچەی فەرمانبەران، لەو بێنەوبەردە و دانانی مەرج و ئەو مامەڵە سیاسیە گڵاوەی کە هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێم بە قوت و موچەی موچەخۆرانی کوردستانەوە دەیکەن، ڕزگاری دەبێ.

بەڵام ئەگەر حکومەتی بەغدا هەر مانگە و بە بیانوویەکەوە کێشە بۆ مووچەی موچەخۆرانی کوردستان دروست دەکات و هۆکارەکەی دەخاتە ئەستۆی حکومەتی هەرێم بەوەی کەموکوڕی لە لیستی ناوی مووچەخۆراندا هەیە یاخود داهاتی هەرێم ڕادەستی بەغدا ناکەن، ئەوا ئەوە حکومەتی هەرێمە کە هیچ کاتێک ئامادە نییە و نەبووە، لەو داهاتە زۆروزەبەندەی دەستی بەسەرداگرتوە، وەڵام بە مووچەی فەرمانبەران بداتەوە و لێرەشەوە ژیان و مەعیشەتی هاوڵاتیانی کوردستانی بەستۆتەوە بەو کێشە و گێژاوە سیاسیەوە کە لەگەڵ بەغدادا هەیەتی،

بەمجۆرەش هەردوولا مەسەلەی مووچەیان کردۆتە بابەتێکی سیاسی کە ئەنجامەکەی جگە لە بێبڕیزیکردن و برسیکردنی کرێکاران و کارمەندانی کوردستان شتێکی زیاتر نییە.

بەدڵنیاییەوە بیانووەکانی حکومەتی بەغدا هیچ پاساوێکی نییە، چونکە بەپێی بڕیاری دادگا ئەوە بەرپرسیارێتی حکومەتی عێراقە مووچەی مووچەخۆرانی حکومی لە هەرێم بدات! دواخستن و نەدانی مووچەی هەرێم بەهەر بیانوویەکەوە بێت، بەپێی بڕیاری دادگاکەی خۆشیان، نایاساییە! ئەوەی حکومەتی بەغدا دەیکات بەرامبەر بە مووچەخۆرانی حکومی لە هەرێم، سیاسەتێکی چەپەڵ و قێزەونە بۆ فشارخستنەسەر حکومەتی هەرێم و زیاتر ملکەچکردنیانە بۆ دەسەڵاتی مەرکەزی.

حکومەتی هەرێم و هەردوو پارتی دەسەڵاتداریش کە دەیان ملیار دۆلار لە داهاتی خەڵکی کوردستانیان بۆ خۆیان تاڵانکردوە و ئێستاش بەردەوامن لەسەر ئەم تاڵانیە، دەیانەوێ خۆیان لە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان بدزنەوە و ئامادە نین لەو هەموو تاڵانیەی کردویانە ئەو کەموکورتیانەی لەبڕی پارەی نێرداو لەلایەن بەغداوە پڕبکەنەوە و ژیانی هاوڵاتیانی مووچەخۆری کوردستان نەکەنە بارمتەی کێشە سیاسیەکانی نێوان خۆیان و بەغدا.

مووچەخۆران و فەرمانبەران و مامۆستایان و خانەنشینانی کوردستان مافی خۆیانە کە بەبێ دواکەوتن و لەکاتی خۆیدا و بەبێ هیچ بیانویەکی حکومەتی ناوەند و هەرێم، مووچەکانیان بەبێ لێبڕین و بەپێی هەمان ئاستی مووچەی مووچەخۆرانی عێراق پێبدرێ! هەردوو حکومەتی هەرێم و بەغدا بەرپرسیارن بەرامبەر بە دانی مووچەکانیان و نابێ هیچ بیانوویەک لە هیچ لەلایەکیان قبوڵ بکەن. دەبێ هاوکات یەخەی هەردوو حکومەت بگرن کە دەستبەجێ مووچەی هەردوو مانگی ٧ و ٨ بدەن. دواخستن و بڕینی تاکەسەرچاوەی ژیانی سەدان هەزار هاوڵاتی کوردستان تاوانێکی دەستئەنقەستی هەردوو حکومەتی بەغدا و هەرێمە. دەبێ خەڵکی کوردستان و موچەخۆران بەیەک دەنگ دژی هەردوو حکومەتی بەغدا و هەرێم بێنەمەیدان و شەقام و ناوەندەکانی کار و خزمەتگوزاریان لێبکەنە مەیدانی نارەزایەتی و خۆپیشاندان و مانگرتن.

مێژووی چەندین ساڵی پێشووی مووچەخۆران و خەڵکی کوردستان و عێراقیش ئەوەی سەلماندوە کە تەنها نارەزایەتی خەڵک دژ بەو دوو دەسەڵاتە تاڵانچیە دەتوانێ چۆکیان پێدابدات و دەستهەڵگرن لە سیاسەتی برسیکردنیان.

کۆتاییهێنان بە نەدان و دواخستنی موچە، لەگرەوی هاتنەمەیدانی فراوان و یەکگرتوانەی کرێکاران و موچەخۆرانی کوردستاندایە.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٢ی ئەیلولی ٢٠٢٤**

## تەنها چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش ئەو هێزەیە کە بەر بە وێرانکاری غەززە و سیاسەتی جەنگخوازی و میلیتاریزم لە ناوچەکەدا بگرێ!

مانگرتنی سەندیکا کرێکاریەکانی ئیسرائیل بۆ فشارخستنەسەر ناتانیاهۆ و حکومەتەکەی، لەپێناوی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنێک لەگەڵ بزووتنەوەی حەماسدا بۆ ئاڵوگۆڕپێکردنی بارمتەکان و ڕاوەستانی ئەو کوشتار و کاولکارییەی کە چەند مانگە یەخەی بە خەڵکی فەلەستین لە غەززەدا گرتووە، وەرچەرخانێکی گەورەی کۆمەڵایەتیە و هەڵکردنی چرای ئومێدێکە لەڕاستای ڕاگرتنی ئەو وەحشیگەریەی کە ناتانیاهۆ وحکومەتەکەی دەستیان داوەتێ.

سەرۆکی سەندیکاکانی کرێکارانی ئیسرائیل "هیستادروت"، ڕۆژی دوو شەممە ٢٦ی ئاب، مانگرتنی سەراسەری کرێکارانی بۆ خواستی ڕاوەستانی جەنگ و دەستکردن بە دانوسان و گۆڕینەوەی بارمتەکان، ڕاگەیاند. لەلایەکی تریشەوە "ئەرتۆن بار داڤید" یەکێک لە ڕابەرانی سەندیکا کرێکاریەکانی ئیسرائیل، داوای لە کرێکارانی کەرتی تایبەت کرد کە بە مانگرتنەکەوە پەیوەستبن. هاوکات وتیشی فرۆکەخانەی بن غۆروین کە ناوەندی گواستنەوەی ئاسمانییە لە ئیسرائیل، وەک هۆشداریەک بە ناتانیاهۆ و حکومەتەکەی، لە سەعات هەشتی بەیانیەوە بەکاتی ئیسرائیل، دادەخرێ. هەر لەم پەیوەندەدا کۆمەڵەی پیشەسازیی ئیسرائیل ڕایانگەیاند کە هاوپشتی لە ڕێکخستنی مانگرتنەکە دەکەن و ڕەخنەش لە حوکمەتەکەی ناتانیاهۆ دەگرن کە سەرکەوتوو نەبووە لە گێڕانەوەی بارمتەکان و ئەم مانگرتنەشیان بە ئەرکێکی ئەخلاقی وەسفکرد. هاوکات "مۆقال ڕۆن تۆمەر" سەرۆکی کۆمەڵەی پیشەسازی ئەڵێ :"بەبێ گەڕاندنەوەی بارمتەکان ناتوانین کۆتایی بە جەنگ بهێنین و ناشتوانین کۆمەڵگەکەمان ڕێکبخەینەوە.. ئێمە پەرتەوازە بووین و دابەشبوین، بۆیە بەڵای جەنگ و کوشتار یەخەی پێگرتووین". وتیشی: "ئەم جوڵانەوەیە کە شەقامەکانی تەلئەبیبی گرتۆتەوە ئەو سەنگەرەی یەکگرتنی خەڵکی ئیسرائیلە لەدژی دەسەڵاتداران". بەمجۆرەش گەڕاندنەوەی تەرمی بارمتە ئیسرائیلیەکان، بۆتە هۆی کڵپەسەندنی شەقامەکانی تەلئەبیب و

خۆپیشاندانی ملیۆنی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بۆ خواستی ڕاگرتنی جەنگ و گەڕاندنەوەی بارمتەکان. ئەم خۆپیشاندانانە هاوکات لەگەڵ مانگرتنی سەراسەری کرێکاراندا، لە بەرامبەر ناتانیاهۆ وحکومەتەکەیدا، پێینایە مەیدانەوە.

بێگومان هاتنەمەیدانی چینی کرێکار لە ئیسرائیل، لەدژی سیاسەتی جەنگخوازی و ئەو وەحشیگەریەی کە حکومەتە فاشیستیەکەی نەتانیاهۆ گرتویەتیەبەر، لاپەڕەیەکی تازە لەو دۆخەدا هەڵدەداتەوە کە ناتانیاهۆ وحکومەتەکەی بەپشتیوانی بێدرێغی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، بەسەر خەڵکی فەلەستین و ناوچەکەدا دایانسەپاندووە. تەنها خەباتی هاوبەشی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش لە ئیسرائیل و فەلەستین، ئەو هێزەیە کە دەتوانێ نەک هەر بەر بە وێرانکاری غەززە و سیاسەتی جەنگخوازی و میلیتاریزم لە ناوچەکەدا بگرێ، بەڵکو دەرگا لەبەردەم هەموو ئەو هێز و دەوڵەتە کۆنەپەرستانەشدا دابخات کە دەیانەوێت بۆ بەرژەوەندی خۆیان مەسەلەی ڕەوای خەڵکی فەلەستین بەکاربهێنن و لە کایەی سیاسی خۆیاندا بیخنکێنن.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەتەواوی تواناوە پشتگیری لەم خەبات و تێکۆشانەی کرێکارانی ئیسرائیل دەکات و هاوکات بانگەوازی کرێکارانی کوردستان و ناوچەکە دەکات کە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی ئیسرائیل لەم خەباتەیاندا بە تەنها جێنەهێڵن و بە شێوازی خۆیان پشتگیری بکەن.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٢/٩/٢٠٢٤**

# هەڵکوتانە سەر دەزگای چاودێر و داخستنی، هەوڵێکی تری سەرکوتگەری سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانیە!

ئەمڕۆ هێزێکی چەکداری سەر بەدەزگا سەرکوتگەریەکانی یەکێتی نیشتمانی، هەڵیانکوتایە سەر بنکەی دەزگای چاودێر، کە لەلایەن مەلابەختیارەوە بەڕێوەدەبرێت وبەزەبری چەک داگیریانکرد. بەپێی هەواڵەکان ئەم هێرشە بۆ سەر دەزگای ناوبراو بە بڕیاری بافڵ تاڵەبانی، سەرۆکی ئێستای یەکێتی، ئەنجام دراوە!

ئەم بڕیارە سەرکوتگەرانەیە، هیچ پاساوێک هەڵناگرێت، بەتایبەتی کە بەدوای ئەوەدا دێت مەلا بەختیار ماوەیەکە بەئاشکرا ڕەخنە لە یەکێتی و سەرۆکەکەی دەگرێت، ئەمەش بەڵگەیەکی تر دەخاتە بەردەست کە سەرۆک و سەرکردایەتی یەکیەتی نە باوەڕیان بە ئازادی سیاسی و ڕەخنە هەیە و نە دەتوانن تەحەمولی بچوکترین ڕای نەیارانی خۆیان بکەن.

کارنامەی یەکێتی نیشتمانی لەمێژووی خۆیدا پڕە لە پەلاماری چەکداری و سەرکوتی ئازادی سیاسی و تیرۆری نەیارانی سیاسی و جەنگخوازی دژی بە هەر حزب و گروپێکی سیاسی کە لەگەڵ بۆچون و بەرژەوەندی سەرکردایەتی یەکێتیدا نەهاتبێتەوە. کارە سەرکوتگەریەکانی بافڵ تاڵەبانیش درێژکراوەی هەمان ئەو سیاسەت و کارنامە قێزەونەیە کە مێژووی سیاسی یەکێتی بەرجەستە دەکات. بەڵام ئەم هەنگاوە سەرکوتگەریەی ئەمجارە کەهیچ جێگایەکی نە بۆ یاساو دادگا و نە بۆ پۆلیس و دامودەزگاکانی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوندا نەهێشتۆتەوە، لەدۆخێکدا ئەنجام دەدرێت کە یەکێتی لەقەیرانێکی قوڵدا گینگڵ دەدا و لەگەڵ بێئاسۆیی سیاسی و تەریکەوتنەوەی دیپلۆماسی و دەستەپاچە لەبەرامبەر کێشمەکێشیدا لەگەڵ پارتی و لێکترازانی ناوخۆیی و هاوکات بێزاری و ناڕەزایەتیەکی فراوانی جەماوەری خەڵکی بێبەشدا بەرەورووەو توانای چارەسەرکردنی هەموو ئەو گرفت و کێشانەی نیە، بۆیە پەنای بردۆتە بەر سەرکوتی بێپەردە، بەجۆرێک کە ئەم سەرکوتکردنە ریزەکانی ناوخۆی یەکێتیشی گرتۆتەوە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان هەڵکوتانە سەر بنکەی دەزگای چاودێر و داخستنی، هەروەها هێرش بۆ سەر مەلا بەختیار و هاوکارانی، بە مەبەستی دەمکوتکردنی، بە کردەوەیەکی سەرکوتگەرانەو دژی ئازادی سیاسی دەزانێت و بەتوندی سەرکۆنەی دەکات.

هاوکات داواش لە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەکات بەشێوەی جۆراوجۆر و گونجاوی خۆیان لەدژی ئەم سەرکوتگەریە هەڵویست بگرن. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، هاتنەمەیدانی ریزی یەکپارچەی چینایەتی جەماوەری نارازی کوردستان و ئازادیخوازان، بۆ دیفاع لەژیان و ئازادی، دەتوانێ دەستی سەرکوتگەری و پەلامارەکانی دەسەڵاتداران بۆسەر ئازادیەکان لەپشتەوە ببەستێت.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٥ ی ئەیلولی ٢٠٢٤**

# بۆخۆتان باشترە پەند لەمێژوو وەربگرن!

## دەشتی جەمال



رۆژی پێنجشەممە، ٥ی ٩ی ٢٠٢٤ دوای فشارەکانی کۆماری مرۆڤکوژی ئیسلامی ئێران و لەسەر بنەمای ڕێکەوتنێکی پێشتر لەگەڵ هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێم، کۆماندۆکانی یەکیتی بەفەرمانی راستەخۆی پاڤڵ تاڵەبانی چوونە ناو بارەگاکانی هەرسێ ڕێکخراوەکەی کۆمەڵەی ئێران لە زرگوێز، بەمەبەستی گواستنەوەیان بۆ کەمپی پەنابەران لە سورداش!

ئەوەی ئاشکرایە ئەم هەنگاوەی یەکێتی و پاڤڵ تاڵەبانی دژ بە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستانی ئێران، لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی ئەو ڕێکەوتنامە هاوبەشە شەرماوەرەدایە که لەنێوان ئەمینداری بالای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران و قاسم ئەعرەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق، لەژێر ناوی پاراستنی ئاسایشی سنورەکانی هەردوو ولات و سنووردارکردنی جوڵەکانی ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستانی ئێران و چەکداماڵینیان، ئەنجامدراوە.

باڤڵ تاڵەبانی کە بەم ڕۆژگارە بانگەشەی خەمخۆری بۆ هەرچوارپارچەی کوردستان دەکات، بەم هەنگاوەی نیشانیدا کە ئامادەیە لەپێناو بەرژەوەندی تەسکی حزبی و مانەوەیان لەسەر کورسی دەسەلات لە کوردستان، نەک هەر "کوردی هەرچوارپارچە" بکەن بە قوربانی، بەڵکو ئامادەی خزمەتکارین بۆ ڕژێمی کۆنەپەرستی ئێران و هەر دەوڵەتێکی کۆنەپەرست و سەرکوتگەری ناوچەکە کە لایەکیان لێبکاتەوە! ئێستا کە یەکێتی لەناو قەیرانێکی سیاسی و حزبیدا گیرۆدەیە، لە هاوسەنگیەکی سیاسی و دۆخێکی خراپدایە بەرامبەر بە پارتی، بەخاتری پشتگیری کۆماری ئیسلامی ئێران لەپرۆسەی هەلبژاردندا کە بڕیارە لە مانگی داهاتوودا ئەنجام بدرێ، ئامادەیە لەوەش زیاتر بڕوات. بگرە ئەگەری ئەوە هەیە کە دەستی ڕژێمی تاوانکار و سێدارەی ئیسلامی ئێران ڕابکێشن بۆ سەر لایەنە ئۆپۆزسیۆنە کوردەکانی "برا" یان و تەنانەت ڕادەستکردنی ئەندامانی ئەو لایەنانەو هەر نەیارێکی سیاسی ڕژێمی ئێران لە ناوچەکانی ژێردەسەلاتی حزبەکەی!

گومان لەوەدا نیە کە ڕژێمی مرۆڤکوژی ئیسلامی ئێران بەوەوە ناوەستێ کە ئەو هێزە ئۆپۆزسیۆنانە بکاتە پەنابەری کەمپنشین، بەڵکو ئەگەری ئەوە دوور نیە کە دەزگا تیرۆریستیەکانی بە هاوکاری حزبەکەی باڤڵ تاڵەبانی و بگرە ئەحزابی دیکەی ناسیونالیستی و ئیسلامی نۆکەری ڕژێمی ئێران، دەست بەرن بۆ تیرۆرکردنی سەرکردەو ئەندامانی ئەو حزبانە و تەنانەت هێرشکردنە سەریان، وەکو ئەوەی بەسەر ئەندامانی موجاهدینی خەڵکدا هات لە "کەمپی ئەشرەف و لیبریتی"! بەتایبەتی کە لە نەوەدەکانەوە تا ئێستا بەهاوکاری ئەم حزبانە، نزیک بە چوارسەدوپەنجا ئەندام و پێشمەرگەی کۆمەڵەکان و دیموکراتەکان لەهەرێم تیرۆرکراون یاخود ڕادەستی ئێران کراونەتەوە. تازەترینیان ڕادەستکردنی بیهزاد خوسرەوی، ئەندامی حزبی دیموکرات بوو!

بێگومان وەکو ئەوەی ڕاگەیەنراوە، ئەم بڕیارەو ڕێکەوتنە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی ژێر دەسەلاتی پارتیش، حزبی دیموکراتی ئێران و گروپەکەی حسین یەزدان پەناش، دەگرێتەوەو ئەوانیش ڕەوانەی کەمپی پەنابەری دەکەن. پارتیش بەدوای سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی بۆ تاران و هاتنی وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ هەولێر، بەڵێنی هاوکاری بە ڕژێمی ئێران داوە بەرامبەر بە پشتگیری لە خواستەکانی پارتی لە پەیوەند بە هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە!

هەڵبەتە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بەرامبەر بە ژیان و سەلامەتی ئەندامانی ئۆپۆزیسۆنی کوردستانی ئێران و پەنابەرانی ئێرانی لە هەرێم بەرپرسیارێتی مرۆیی و ویژدانیان دەکەوێتە سەر. دەبێ خەڵکی کوردستان بەرگری لە مافی ئازادی هەڵسوڕان و چالاکی سیاسی بۆ سەرجەم هێزە ئۆپۆزیسۆنەکانی نیشتەجێی هەرێم بکەن، فشاربخەنەسەر پارتی و یەکێتی بۆئەوەی دەستبەرداری خۆشخزمەتی بن بۆ ڕژێمی ئیسلامی ئێران و ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە، بەهەرشێوەیەک بۆیان دەکرێ دژی ئەم پیلانە چەپەڵەی ڕژێمی ئێران و یەکێتی و پارتی و بەزۆرناردنی ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی ئێران بۆناو کەمپی ئاوارەیی لە سورداش بوەستنەوە.

لە کۆتاییدا، پاڤڵ تاڵەبانی و سەرانی پارتی و یەکێتی دەبێ باش ئەوە بزانن کە ڕژێمی ئیسلامی ئێران دەمێکە حوکمی مەرگی لەلایەن جەماوەری نارازی و کریکاران و ژنان و مامۆستایان و خەڵکی زەحمەتکیشی ئێرانەوە دراوە، بۆیە بۆخۆتان باشترە کە پەند لە مێژوو وەربگرن! ئەوکات کە خەڵکی ئێران بارگەوبنەی ڕژێمی ئیسلامی ئێران دەپێچنەوە، ئیتر هیچ کەس فریاتان ناکەوێ و دەکەونە بەر سێلاوی جەماوەری نارازی و پێشکەوتنخوازی کوردستانی عێراقەوە کە خۆی بەبەشێک لە بزوتنەوەی ئازادیخوازی و ئینساندۆستی دژ بە ڕژێمی ئیسلامی ئێران و ڕژێمە سەرکوتگەرەکانی ناوچەکە دەزانێ!

★